# لە پەراوێزی نامەیەکی (هەردی)ی شاعیردا

**کاروان عومەر کاکەسوور**



لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بۆ یەکەمجار گوێم لە ناوی (هەردی) بوو. پێشتر تەنیا (زێوەر) هەبوو، بەڵام دوایی قوتابخانەی (هەردی)یش لە هەمان شوێندا کرایەوە. واتە بەیانییان (زێوەر) و دوای نیوەڕۆیان (هەردی). بەهۆی ئەوەی من خوێندکاری (زێوەر) بووم، (هەردی)م بە دوژمنی خۆم و هی قوتابخانەکەم دەزانی. ڕۆژانە ئێمەی کوڕانی (زێوەر) لەگەڵ کوڕانی (هەردی) دەمانکردە شەڕ، کە هەردوو لامان هێندە زۆر بووین، لە ژمارە نەدەهاتین. (کەریم کاکە) و (شاخەوان قادر شۆڕش) و (ژیلوان تاهیر)یش سێیان لەو قوتابییانەی زێوەر بوون، کە ئەمڕۆ (ژیلوان تاهیر) دوای تەواوکردنی ئاکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە بواری شانۆ و دەرهێناندا چالاکە، (شاخەوان شۆڕش) لە بواری ناساندنی کەیسی ئەنفال و جینۆسایدی کوردستاندا شارەزایە و (کەریم کاکە) لە بواری شیعر و ئەدەبی گێڕانەوەدا جێدەستی دیارە. سەیرەکە لەوە دابوو نە ئێمە لە ماڵی (زێوەر)دا ئاسوودە بووین و نە ئەوان لە ماڵی (هەردی)دا هەستیان بە خۆشیی دەکرد، بگرە بە زیندانمان دەزانین. خۆشمان نەماندەزانی ئێمە بۆ بەرگرییمان لە زیندان دەکرد!! هەرچی بێت لەو ڕێگایەوە زانیمان (زێوەر) و (هەردی) دوو شاعیرن و شیعرەکانیانمان لەبەر دەکردن. خۆشبەختانە بۆمان دەرکەوت، کە ماڵی ڕاستەقینەی ئەوان ئەگەر بۆ خۆیان زیندانە، ئەوا بۆ ئێمە پڕن لە جوانی و ئاسوودەیی. ڕەنگە نەوەکانی دوای نەوەی ئێمە بە لایانەوە سەیر بێت، ئەگەر پێیان بڵێین ئێمە لە منداڵییەوە ئاشنایەتییمان لەگەڵ شیعردا پەیدا کردووە. هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەیان شیعری شاعیرانی وەکو (حاجی قادری کۆیی)، (پیرەمێرد)، (گۆران)، (قانیع)، (بێکەس)، (دڵزار)، (هەژار)، (هێمن)، (عەبدوللا پەشێو)، (شێرکۆ بێکەس) و هی دیکەمان لەبەر بووە و لە جەژنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکاندا گوتوومانەتەوە، چونکە شیعر زمانی سەردەمی ئێمە بوو. وەکو چۆن منداڵی ئەم سەردەمە شارەزاییەکی سەیر لەبارەی کۆمپیوتەر و پلەیستەیشنەوە پەیدا دەکەن، ئێمەش ئاوا هەوڵمان دەدا لە شیعر و ژیانی شاعیران تێبگەین. من خۆم لە سەرەتای حەفتاکان خوێنەری دەوروبەری خۆمم بینیوە لەبارەی ئەدەبی ڕوانگە و ڕەخنەی ڕەخنەگرانی ئەو ئەدەبەوە گفتوگۆیان کردووە. ناوی (حسێن عارف)، (شێرکۆ بێکەس)، (فوئاد مەجید میسری)، (فوئاد قەرەداغی)، (فازیلی مەلا مەحموود)، (محەممەدی مەلا کەریم) و (کەمال غەمبار) و زۆری دیکەم بیستووە، چونکە چەندین جار لەنێوان ئەو خوێنەرانەدا دەبووە شەڕ، بەوەی ئەوانیش وەکو نووسەرەکان بۆ دوو بەرە دابەش بووبوون. ئەگەرچی ئێمە لەو گفتوگۆیانە تێنەدەگەیشتین و نەشماندەزانی کێ لای کێیە و کێ دژی

کێ، بەڵام دەمانزانی ئەو نووسەرانە لەنێوان خۆیاندا ناڕێکن، بۆیە خوێنەرەکانیشیان پێک نایەن. ماوەیەک لەمەوبەر بە (ڕەووف بێگەرد)ی چیرۆکنووسم گوت، کە لە یەکێ لە ژمارە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)یدا شیعرێکی بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەو گوتی خۆی بیری نەماوە. من ئێستاش ئەو ستوونەم دێتەوە بەرچاو، کە شیعرەکەی (ڕەووف بێگەرد)ی تیادا بڵاو کراوەتەوە و دەزانم لای کێ و لە کوێش ئەو ڕۆژنامەیەم بینی. نازانم بۆچی ئەوسا ناوی (ڕەووف بێگەرد)م زۆر بەلاوە سەیر بوو. ئایا لەبەر ئەوە بوو یەکەمجارم بوو وشەی (بێگەرد) ببیستم، کە لە هەولێر هەرگیز بەکار نایەت؟!

لە (زێوەر) کتێبخانەیەکمان هەبوو، کە دەمانتوانی دیوانی ئەو شاعیرانە و چیرۆک و بابەتی دیکەی لێ قەرز بکەین. لە هەمووی سەیرتر (مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی) سەرپەرشتیی ئەو کتێبخانەیەی دەکرد، کە خۆی هەر کتومت لە (هەردی) دەچوو. ڕەنگە لە بەرچاوی من ئەوان لە یەکتر چووبێتن، چونکە هەر جارێ گوتبێتم فلان و فیسار شێوەیان لە یەکتر دەکا، ئەوا ئەوانی دیکە هەرگیز پاڵپشتییان نەکردووم. دەسا ئێستاش پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، کە ئەوان لە یەکتر دەچن. (مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی) تەنیا یاریزانێکی لێهاتوو و ڕاهێنەرێکی زۆر چاکی وەرزش نەبوو، بەڵکو بە گوێرەی قسەی زۆر لە هاوڕێکانی، یەکێک بووە لە ڕۆشنبیرە دیارەکانی هەولێر. هەتا ئێستاش (هەردی)ی شاعیرم بە (مامۆستا ڕەمزی) و (مامۆستا ڕەمزی)م بە (هەردی) بیر دەکەوێتەوە.

دەتوانم بڵێم ئەگەر (زێوەر) یەکەم شاعیر بێت، کە لە ژیانمدا ناسیبێتم، ئەوا (هەردی) دووەمە، با سەرەتا دژایەتییشم کردبێت. بەڵام دەبێت دژایەتیی منداڵێک بۆ شاعیرێکی هێندە گەورە چی بێت، کە بە ژمارەیەکی کەمی شیعر بووبێتە خاوەنی ڕێبازێکی تایبەت!! نەمدەزانی ڕۆژێک دێت من دەبمە یەکێک لە خوێنەرەکانی ئەو شاعیرە و شیعرەکانی لە بەرگی کتێب و قەد دیواری ژوورەکەمدا دەنووسمەوە.

ساڵی (1984_ 1985)، کە لە پۆلی شەشەمی ئەدەبی بووم، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ (فرسەت ڕۆژبەیانی)ی هاوڕێم دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە دەچووینە بازاڕ، بەو مەبەستەی بزانین چ کتێبێکی نوێ هاتووە. لەوێ چەند هاوڕێیەکی دیکەشمان دەبینی بەتایبەتی (ئازاد ئەحمەد)، کە هەمیشە جلی کەشخەی دەپۆشی و دەموچاو و قژی دەبریسکانەوە. هەندێک ڕۆژ خۆیشی لە پەنا دیواری قەڵآت کتێبی کۆنی دەفرۆشت. ئەگەر یەکێ ئەو کوڕەی بەو جلە نوێیانە و بەو هەموو ناسکییەوە بدیایە، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد هیچ پێوەندییەکی دوور و نزیکی بە خوێندنەوە و یاخیبوونەوە هەبێت، کەچی یەکێک بوو لە خوێندکارە خوێنگەرمەکانی ئەوسا و لە خۆپیشاندانەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.

نایشارمەوە بەشێکی چوونەکەشمان بۆ کتێبخانەکان پێوەندیی بە خوێندنەوەی بورجەکانمانەوە هەبوو، کە ئەوسا لە ڕۆژنامەی (عێراق)دا بڵاو دەکرانەوە. هەندێک جار بەهۆی بارودۆخی شەڕی عێراق و ئێرانەوە ڕۆژنامەی (عێراق) درەنگ دەگەیشت و منیش وەکو زۆربەی هەرزەکارەکانی دیکە بەپەرۆشەوە چاوەڕێم دەکرد، بەڵام پێش ئەوەی دنیا تاریک دابهاتایە، دەبوایە من بەپێی یاسای باوکم لە ماڵ بم. بەڕاستی ناخۆش بوو، کاتێ بەبێ خوێندنەوەی بورجەکەم دەگەڕامەوە ماڵێکی ساردوسڕ.

خاوەنی هەر هەموو کتێبخانەکان هاوڕێی (فرسەت ڕۆژبەیانی) بوون، بۆیە دەمانتوانی بچین لایان دابنیشین و لەبارەی کتێبەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین. لە (دواناوەندیی ڕزگاری)یەوە بە چەند

هەنگاوێک دەگەیشتینە ناو بازاڕ، بۆیە ئەگەر مامۆستای وانەیەک نەهاتبایە، یان خۆمان حەزمان نەکردایە بچینە پۆل، ئەوا سەرێکی بازاڕمان دەدا. (ڕۆژبەیانی) ئەوساش لەپاڵ بەهرەی خۆشنووسییەکەیدا، کە هەتا ئێستاش وێنەی کەمە، ڕۆڤانێکی راستەقینەی کتێب بوو، بەلاّم بەڕاستی زۆر بێزاری دەکردم، کە دەبوایە لە هەموو ئەو پلێتانەی سەرووی دەرگای دووکانەکان بڕوانم، هەتا ئەو هەڵیانبسەنگێنێت، ئاخۆ دروست نووسراون، یان ناشیرین. دەیزانی هەر پلێتێک لە لایەن کام خۆشنووسەی شارەوە نووسراوە. یەک دوانێکیش هەر خۆی نووسیبوونی. هەڵەی زۆر بچووک بچووکی تیادا دەدۆزینەوە. نەمدەزانی چۆن سەری لەو هەموو وردەکارییە دەردەچوو، لە کاتێکدا من جیاوازییم لەنێوانیاندا نەدەبینی. ((دە ئاخر فرسەت ڕۆژبەیانی بە من چی، ئەو پلێتانە چۆن نووسراون و کێ نووسیونی...؟! خۆزگە لە ڕووم دێت و دەتوانم ڕاشکاوانە پێت بڵێم: تکایە وازم لێ بێنە... من حەز لە هونەری خۆشنووسی ناکەم... زوو زوو، پێش ئەوەی تۆ بناسم، هەوڵم دا ببمە خۆشنووس و هەر خێرا دەستم لێی هەڵگرت، چونکە زۆر گاڵتەیان پێ کردم، ئەگەرچی سەرکەوت حەوێزی هاوڕێی منداڵییم تا بڵێی یارمەتیی دەدام، کە خۆشی خۆشنووسێکی زۆر باشە... لە بیرمە سێ ساڵ لەمەوبەر، کە لە چواری ئامادەیی بووین، پێشبڕکێتان کرد، ئەگەرچی تۆ لەو باشتر بوویت، بەلاّم دانت بەوەدا نا، کە ئەویش خۆشنووسێکی لێهاتووە)).

دەگەیشتینە لای کتێبفرۆشەکانی پەنا دیواری قەلاّت. ئێستاش ئاسان نییە من لەوە تێبگەم بۆچی هێندە بە کتێبی کۆن دڵم دەکرێتەوە. لێرەش وام. کاتێ دەچمە بازاڕی کۆنە، خێرا بۆ لای کتێبەکان ڕا دەکەم، بەلاّم نایشارمەوە تامی کتێبە کۆنەکانی پەنا دیواری قەلاّت نادەن. نازانم بۆچی پێم وایە ئەو کاتەی نازانیت چ کتێبێک باشە و چ کتێبێک خراپ، لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر و پەرۆشانەتر دەخوێنیتەوە. لە مێژووەوە بۆ ئەدەب و لەوێوە بۆ سایکۆلۆژیا و دواتر بۆ فەلسەفە. دەتەوێت لە ماوەیەکی کەمدا نووسەری هەموو دنیا بناسیت و هەر کەسێک لاپەڕەیەکی نووسیوە، بیخوێنیتەوە. (ڕۆژبەیانی)یش وەکو (ئازاد ئەحمەد) و من شێتی شیعرەکانی (هەردی) بوو. هەموویانی لەسەر بەرگی ناوەوەی کتێبەکانیدا نووسیبووەوە، بەلاّم بە چ نەخشونیگارێکی دڵگیر!!

ڕۆژێکیان مامۆستای یەکێک لە وانەکان نەهاتبوو، بۆیە ئێمەش بە پیشەی خۆمان چووینە بازاڕ. کاتێ چاپی دووەمی (رازی تەنیایی)ی (هەردی)مان لە کتێبخانەی (هەژار) بینی، هەردووکمان زۆر گەشاینەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی زانیمان پێشەکییەکی بۆ نووسیوە و شیعرە تەواونەکراوەکانی تەواو کردووە. سەرو دانەمان لەو کتێبە کڕی، بەلاّم ڕەنگە حەزمان کردبێت هەموویان بەجارێ بکڕین. بەرەو (ڕزگاری) دەگەڕاینەوە و بە ڕێگاوە کتێبەکەمان دەخوێندەوە. ((ئۆخەی!! ئەوە یەکەمجارە ڕۆژبەیانی ئاگای لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی پلێتی دووکانەکان نەماوە و بێزارم ناکات)).

هەتا گەیشتین، پێشەکییەکەمان تەواو خوێندەوە. هەرکە هاوڕێکانمان ئەو کتێبانەیان بە دەستمانەوە بینی، ئەوانیش حەزیان کرد ئەو چاپە نوێیەیان هەبێت. هیچ زیادەڕۆییم نەکردووە، ئەگەر بڵێم بەشێکی زۆری هاوڕێ و هاوپۆلەکانمان قوتابخانەیان جێ هێشت، بەو مەبەستەی چی زووترە ئەو کتێبەیان دەست بکەوێت. لێرەدا ناکرێت ئەوە نەڵێم، کە ئەو ساڵانە لە باشووری کوردستان گەرمەی خوێندنەوە بوو. لەگەڵ ڕاپەڕینی سەرەتای هەشتاکانی قوتابییان چ ژمارەی خوێنەر و چ پەرۆشی بۆ خوێندنەوەش بەرەو زیادبوون چوو.

ڕەنگە نووسەری وا هەبووبێت، کە من سەردەمێک پێم وابووبێت داهێنەرە و دواتر هەستم کردبێت بە هەڵەدا چووبووم، یاخود بەپێچەوانەوە پێم وابووبێت نووسەرێکی ئاساییە، بەڵام دوای خوێندنەوەی زیاتری بەرهەمەکانی، بۆم دەرکەوتبێت زۆر لەوە زیاتری لایە، کە من بۆی چووبووم. وێنەی (هەردی) لە هیچ سەردەمێکدا لای من نەگۆڕاوە. وێنەی ئەو شاعیرەی بە ڕوخسار هێمنە و لەناوەوە ڕۆحێکی وریا و زیندووی هەیە. ئەگەر (هەردی) لای نەوەکانی دوای خۆی بەو هێزە گەورەیەوە ئامادەیە، ئەوا مانای وا نییە لە سەردەمی خۆیدا بەهەمان شێوە خوێندرابێتەوە. ئەمەش بەسەرهاتی هەر داهێنەرێکە، کە پێش سەردەمی خۆی دەکەوێت. هەمیشە ڕەخنەگری ساختە لە هەوڵی ئەوە دایە ئەو مەودایەی نێوان داهێنەر و نووسەری ئاسایی بسڕێتەوە و داهێنەر لە دنیا تایبەتەکەی بێنێتە دەرێ، بەو مەبەستەی داهێنەر بەهەمان زمانی ستاندارد بدوێت و لەوێوە لەناوی بەرێت. هەتا داهێنەر لە دنیای خۆیەتی، ڕەخنەگری ساختە بەوە تاوانباری دەکات، کە زمانی ئەو داهێنەرە نامۆیە و کەس لێی تێناگات، ئایدیاکانی ئاڵۆزن و چێژ نابەخشن، وەک بڵێی ئەو پێوەری چێژ بێت، هەتا بۆی هەبێت لەجیاتی هەمووان بڕیاری ئاوا بدات. ئەگەر ئەو داهێنەرە خۆی بە دەستەوە دا و هەمان زمانی ئاسایی بەکار هێنا، ئەوسا تۆمەتی دیکەی دەداتە پاڵ، یاخود هەر بەجارێ فەرامۆشی دەکات، چونکە بڕیارەکانی ڕەخنەگری ساختە ئەنجامی خوێندنەوە نیین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمپلێکسە سایکۆلۆژییانەن، کە لە بەرانبەر ئەو داهێنەرەوە تووشیان هاتووە. ڕەخنەگری ساختە چاک دەزانێت ئەوەی ئەو بەو زمانە ساکارەوە دژایەتیی دەکات، داهێنەرە، بەڵام خوێندنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمەکانی لە توانای ئەودا نیین. هەر بۆیە ڕەخنەگری ساختە عەشقی تێکستی سادەیە. لە جیاتی ئەوەی ئەو تێکستانە بخاتە ژێر ڕەخنەوە، دەچێت لەبەر خاتری ئەو تێکستە سادانە، ڕەخنە تا ئەو ئەندازەیە بچووک دەکاتەوە، کە بڵێ دەبێت نووسین ئاوا بێت. ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت، داهێنان نییە.

وا دێتە بەرچاوم، کە (هەردی) بە شێوەیەک لە شێوەکان بە دەست ڕەخنەی ساختەوە ئازاری چەشتبێت، بەڵام خۆشبەختانە وەکو هەر داهێنەرێکی دیکە بەرگەی تۆمەت و گاڵتەپێکردنی گرتووە و لە دنیا تایبەتەکەی نەهاتۆتە دەرێ. ئێمە ئەمڕۆ دنیایەکمان هەیە بە ناوی (دنیای هەردی). ئێمە لە (دنیای هەردی)یەوە فێری ئەوە دەبین نووسین هەڵپەڕکێی کوردی نییە، کە هەر دەبێت دەستی ئەوانی دیکە بگریت، وەکو ئەوان هەڵپەڕیت و جووڵەی لەشت لەسەر هەمان ڕیتمی ئەوان ڕێک بخەیت، هەتا ئەگەر باوەڕت بەوانەش نەبێت، کە دەستت گرتوون، بەڵکو نووسین سەمای بەتەنیایە لە بەرانبەر ئاوێنەدا. هەر خۆت دەزانی چۆن سەما دەکەیت و ئەندامەکانی لەشت چۆن و تا چ ئەندازەیەک دەجووڵێنیت، بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بیت ئەوەی لەو ئاوێنەیەدا دەتبینێت و لاسایيت دەکاتەوە، چۆنت هەڵدەسەنگێنێت و چ حوکمێکت لەسەر دەردەکات، چونکە هەموو ئەوانەی تۆمەت دەخەنە پاڵ داهێنەرەوە، ئەوانەن، کە لاسایی ئەو دەکەنەوە و زۆر جار هەر بە کەرەسەکانی خۆی، بەڵام بە خراپی، ڕووبەڕووی دەبنەوە.

داخی گرانم من ڕۆژێک لە ڕۆژان (هەردی)م لە نزیکەوە نەبینی، بەڵام مایەی خۆشحاڵییمە، کە یەکەمین کتێبی چاپکراوی منی خوێندەوە و وەکو (سیوەیلی) بۆی گێڕامەوە زۆر بە دڵی بووە. کارتێکی بۆ ناردم و لە پشتی ئەو کارتەوە چەند وشەیەکی لەبارەی (ئەسپیدۆلۆن)ەوە نووسی بوو. بەداخەوە ئێستا ئەو کارتە نادۆزمەوە، چونکە لەماوەی ئەو دە ساڵەدا دە جار ماڵم گواستۆتەوە. ئەم نامەیەشم ون کردبوو، بەڵام لەم ڕۆژانە لای (ئەنیتا ئێسپاندەر) دۆزیمەوە، کە چەند مانگێک

لەمەوبەر خستبوومە جانتایەکەوە و لای ئەوم جێ هێشتبوو. هەر بۆیە بلآوکردنەوەی ئەم بابەتەشم درەنگ کەوت. ڕاستییەکەی من کاتێ شیعرێکی (هەردی)م لە گۆڤاری (بینین)دا خوێندەوە، زۆرم پێ خۆش بوو، کە ئەو شاعیرە داهێنەرە دوای ماوەیەکی زۆر بێدەنگی، دووبارە شیعری نووسیوە. چەمکی (بێدەنگی) لای (هەردی) وەکو پارادۆکسێک، هەڵگری دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەیە. ئەو ئەزموونێکی سەیری لەگەڵ بێدەنگییدا هەیە، کە ئەمەش جۆرێکە لە قووڵبوونەوە، نەوەک لە بەتاڵی. (هەردی) دەیتوانی هەموو کاتێک ئامادەیی هەبێت، بەلآم تەنیا خۆی زانیویەتی کەی دەبێت لەناو ئەو بێدەنگییەیدا بێتە دەرێ. سەرنجی خوێنەر بۆ وشەی بێدەنگی لە نامەکەدا ڕادەکێشم، کە هەست دەکەیت بوونی خۆی لەناو ئەو وشەیەدا هەڵگرتووە. (هەردی) ئەو شیعرەی بۆ تابلۆکانی (ڕێبوار سەعید)ی هونەرمەندی شێوەکار نووسی بوو، بۆیە ناوی (ڕێبوار) لەوێ چەند جارێک هاتووە.

نامەکەی (هەردی)ی شاعیر:

برای شیرینم کاک کاروان

لەدوای پێشکەشکردنی ڕێز و خۆشەویستی، رۆژی (28.04) کارتە خنجیلانەکەتانم پێگەیشت، زۆر بەپەرۆشەوە سوپاستان ئەکەم و چاوتان ماچ ئەکەم.

پێشەکی داوای لێبوردن ئەکەم کە وەرامەکەی دواکەوت، سەبارەت بەوەی؛ یەک دوو کاری ((لابەلا)) یەخەیان گرتم.

برای شیرینم، نووسیبووتان: *شیعرێکی منتان لە گۆڤاری _ بینین _دا خوێندۆتەوە و هەستت کردووە، من هێشتا هەر گەنجەکەی سەردەمی (ڕازی تەنیایی)م! بێگومان ئەم دەربڕینەی ئێوە، ئەوە دەرئەخات کە من توانیومە، دوای چەند ساڵ بێدەنگی، شیعرێک بڵێم، کە تامی شیعرەکانی پێشووم بدات، کە ئەمەش پەسەندکردنێکی وەستایانەیە و جێگەی سوپاسە.*

*برای بەرێز، لە دێڕی دواییدا، ئەفەرموون: (ئایا ناکرێت لەسەر داوای منیش... شیعرێکی تری ئاوا جوان بنووسیت؟) لە وەرامدا دەڵێم: بێگومان زۆر حەز ئەکەم، ئەگەر بتوانم، داخوازی کەسانی خۆشەویستی وەک ئێوە، بەدی بێنم، بەو مەرجەی، داخوازێکەیان دیاریی کراو بێت، یان لە بابەتێک بێت کە بۆ شیعرێکی ڕۆمانسی دەست بدات، بەلآم پوخت و پالیار بێت. (بەو مەبەستەی منیش بجووڵێنێ. واتا بە دڵم بێت).*

*بۆ نموونە ئەگەر (ڕێبوار) بیگوتایە: (شیعرێکی جوانم بۆ بنووسە) دیارە هیچم پێ نەئەکرا.. چونکە شیعری جوان، زۆر جۆری شیعر ئەگرێتەوە. تەنانەت ئەگەر (ڕێبوار) لەباتی ئەو هەموو تابلۆیانە، یەک تابلۆی بۆ بهێنامایە، کە من بە دڵم نەبوایە، یان بابەتێکی ڕۆمانسیی هەڵنەگرتایە.. یان... هەتەد، بێگومان نەم ئەتوانی شیعرێکی وا بەسۆزی بۆ دابنێم.*

*جا برای شیرینم، ئایا ئەتوانی داخوازی خۆتم بەپوختی بۆ بخەیتە چوارچێوەیەکی دیاریی کراوەوە؟ تا بزانم پێم ئەکرێ، یان نا؟*

*لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا*

*ئەحمەد هەردی*

*10.05.1999*

برای شیرینم کاک کاروان ...

لە دوای پێشکەشکردنی ڕێز و خۆشەویستی، ڕۆژی (٢٨/٤)
کارتە خنجیلانەکەتانم پێگەیشت، زۆر بە پەرۆشەوە
سوپاستان ئەکەم و چاوتان ماچ ئەکەم،
پێشەکی داوای لێبوردن ئەکەم کە وەڵامەکەی دوا-
کەوت، سەبارەت بەوەی: یەک دوو کاری دەر لابەلا
یەخەیان گرتم،

برای شیرینم، نووسیبووتان: شیعرێکی منتان لە گۆڤاری
-پێشێ-دا، خوێندۆتەوە و هەستت کردووە، من
هێشتا هەر گەنجەکەی سەردەمی: (ڕازی تەنیایی)م!
بێگومان، ئەم دەربڕینەی ئێوە، ئەوە دەرئەخات کە
من توانیومە، دوای چەند ساڵ بێدەنگی، شیعرێک بڵێم
کە تامی شیعرەکانی پێشووم بدات. کە ئەمەش، پەسەند
کردنێکی وەستایانەیە و جێگەی سوپاسە.

برای بەڕێز، لە دێڕی دواییدا ئەفەرموون: (ئایا ناکرێت
لە سەر داوای منیش ... شیعرێکی تری ئاوا جوان بنووسیت

له‌ وه‌ڵامدا ده‌ڵێم: بێگومان زۆر حه‌ز ئه‌که‌م، ئه‌گه‌ر بتوانم داخوازی که‌سانی خۆشه‌ویستی وه‌ک ئێوه، به‌دی بێنم به‌و مه‌رجه‌ی، داخوازی که‌یان دیاریی کراو بێت، یان له‌بابه‌تێک بێت که‌ بۆ شیعرێکی رۆمانسی ده‌ست بدات. به‌ڵام پوخت و پالیار بێت. (به‌و مه‌رجه‌ی منیش بجووڵێنێ - واتا، به‌ دڵم بێت).

بۆ نموونه‌ ئه‌گه‌ر ((رێبوار)) بیگوتایه‌: ((شیعرێکی جوانم بۆ بنووسه‌)) دیاره‌ هیچم پێ نه‌ئه‌کرا. چونکه‌ شیعری جوان، زۆر جۆری شیعر ئه‌گرێته‌وه‌. ئه‌زانن ئه‌گه‌ر (رێبوار)، له‌باتی ئه‌و هه‌موو تابلۆیانه‌، یه‌ک تابلۆی بۆ بهێنامایه‌، که‌ من هه‌ دڵم نه‌بوایه‌، یان بابه‌تێکی رۆمانسی هه‌ڵنه‌گرتایه‌.. یان... هه‌تا، بێگومان نه‌م ئه‌توانی شیعرێکی وا به‌سۆزی بۆ دانێم.

جا برای شیرینم، ئایا ئه‌توانی داخوازی خۆتم به‌ پوختی بۆ بخه‌یته‌ چوارچێوه‌یه‌کی دیاریی کراوه‌وه‌؟ تا بزانم پێیم ئه‌کرێ، یان نا؟

له‌گه‌ڵ رێز و سوپاسدا

ئه‌حمه‌د هه‌ردی

١٩٩٩/٥/١٠